# چەند سەرنجێك سەبارەت بە بەرنامەی خوێندن

فاتمە عومەر ڕێشاوی
fatima1964_1@hotmail.com

لە کۆمەڵگەدا دوو دەزگا هەن زۆر پێویستە گرنگیان پێ بدرێ و خەمیان لێ بوخرێ یەکەمیان خوێندنگایە بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی خۆی بەچاکی ببینێ لە پەروەردەی نەوەی داهاتوودا . دووەمیان: بەندیخانە بۆ ئەوەی ئەویش بکرێتە شوێنی دووبارە پەروەردەکردنەوە ...

باسی من لێرەدا تایبەتە بە خوێندن و قوتابخانە:

بە هۆی پەیوەندیم و هاتوچۆی چەند ساڵێك بۆ قوتابخانەیەیەکی سەرەتایی لە شاری سیتارد لە هۆڵەندا , بە نیازی یارمەتی دانیان لە چالاکیەکانی دەرەوەی پۆلدا, زانیم لەیەکێك لە پۆلەکاندا مامۆستاکەی پێویستی بە یارمەتی هەیە. ئەویش پۆلێکە یان پرۆژەیەکە ئەو منداڵانە وەردەگرێ کە ( تەمەنیان شەش تا دوانزە ساڵە) بە هۆی ئەوەی یان تازە هاتوون , یان هۆڵەندیەکەیان لە ئاستی پێویستتدا نیە. یەك دوو ساڵێك بە چڕی زمانی هۆڵەندیان پێدەڵێن . تا دەگەنە ئاستێکی پێویست ئینجا دەیانێرنە پۆلە ئاساییەکان.من لەو پرۆژەیەدا پار هەفتەی 13 سەعات و ئەمساڵ هەفتەی 6 سەعا ت وەك یاریدەری مامۆستاکە خۆبەخشانە ئیش دەکەم.
لە ئەنجامی ئەو پرا کتیکەوە هەندێ سەرنج و تێبینیم لا دروست بوو لەسەر گۆرانکاری دەزگا و بەرنامەی خوێندن کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆم کردنەوە :

ئەوەی پەیوەندی بە فۆرمی دەزگاکە وە هەیە : بەتایبەتی قۆناغی سەرەتایی

1 – لە گۆڕا نکاریەکاندا پێویستە زیاتر تەرکیز بخرێتە سەر قۆناغی ڕەوزە و سەرەتایی و ئینجا ناوەندی و ... چونکە گۆڕا نکاری لەکاتی بناغەدانان و سەرەتادا ئاسان ترە. ئەوەی ڕۆشت, ڕۆشت تازە چاککردنەوەی ستەمە . هەروەها کار و تێکۆشانیش زۆر پەرش و بلاو نابێ ..

2 – هەموومان دەزانین بە بێ زاڵ بوون بەسەر زۆری ژمارەی قوتابیاندا لە پۆلێکدا ڕەنگە هەرچی پلانێك یان بەرنامەیەك بتەوێ جێبە جێی کەی , سەرنەگرێ و فەشەل بێنێ . بۆ ئەوە دەبێ چەند هەنگاوێك بنرێ لەوانە:

* قوتابخانەی زیاتر بکرێتەوە. ئەو قوتابخانانەی کە دەکرێنەوە پێویستە گۆران لە نەخشەی هەندەسی و شێوەی ئێستایاندا بکرێ . بابەس بێ دروستکردنی رحلەی دوو کەسی ئەوەی کە لەمەودوا دروست دەکرێ با یەکەسی بێت . پێوانەی گەورەی پۆل و بەرزی سەقف و بەرزی پەنجەرە ڕەش و ڕووتی چۆلی وای کردوە لە بەندیخانە بچێت . بۆیە پێویستە بگۆڕدرێت بۆ شێوەیەکی زیاتر کراوە و لە هەمان کاتتدا بچووك تر .

* هەل ڕەخساندن بۆ ئەو کەسانەی کە چەند پۆلێ یان قۆناغێکیان لە خوێندن بڕیوە و نەیان توانیوە بەردەوام بن بە کردنەوەی خولی خێرای وەك شەش مانگی یان سالی بۆ ئەوەی فێری وانە ووتنەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بن...بە مانایەکی تر نەبوونی بڕوانامە زۆر نەکرێتە گرفت . چونکە بۆ کەسێك کە چەند قۆناغێکی خوێندنی تێپەڕاند بێ, بە سەرپەرشتی مامۆستاکە و لە ڕێگەی پراکتیکەوە توانای ئەوەی دەبێ کە سەرپەرشتی هەندێ قوتابی وەك پۆلی دوو و سێ تا چواری قۆناغی سەرەتایی بکات یان لە هەندێ شوێندا جێگای چۆلی پێ پڕ بکرێتەوە .

3 – دیمەنی پۆل زۆر گرنگە بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا

– ژیانی ڕۆژانەی دەرەوە دەبێ لە ناو پۆلدا ڕە نگ بداتەوە بۆ نموونە کاتێ وەرزەکان دەگۆڕێ دەبێ وێنە و تابلۆ و ماتریالی تر کە پەیوەندی بەو وەرزەوە هەیە لە پۆلدا دابنرێ . و قسەی لەسەر بکرێ و وێنەی لەسەر بکێشرێ و چالاکی لەسەر ئەنجام بدرێ .

4– بەرێوەبەرایەتی هەر قوتابخانەیە بە تایبەتی سەرەتاییەکان هەولبدەن لە گەرەکەکانی خۆیاندا پەیوەندی خۆیان بە هێز بکەن لەگەل دایکان و باوکانی قوتابیەکان و داوایای یارمەتیان لێ بکەن لە هەندێ لە چالاکی قوتابخانە بۆ نموونە هەندێ منداڵ هەیە پێویستی زیاتری بە سەرپەرشتی و یارمەتی دان هەیە لەوانی تر . مامۆستاکە پێی ناکرێ ئەوە بکات لەوانەیە لەو گەڕەکەدا کەسان هەبن کە ماوەیان نەبوە , خوێندن تەواو بکەن یان خانە نشینن , دەتوانرێ بە دانانی بەر نامەیەك
کەلك لە یارمەتی ئەوا ن وەرگیرێ .

5 – دامەزراندنی کادری زیاتر و زیادکردنی موچە و دوورکەوتنەوە لە تەزکیەی پارتەکان.

6– ئەو کاتەی قوتابی لە قوتابخانە بەسەری دەبات بە بەراوورد لەگەڵ ئەو مادانەی وەریدەگری زۆر کورتە. دەبێ لە داهاتوودا ماوەکەی درێژتر بکرێتەوە .

7– تەمەنی وەرگرتن بۆ خوێندن بکرێتە پێنج ساڵ . چونکە ئەو جیهانەی ئەمڕۆ منداڵ تێیدا ئەژی زۆری جیاوازە لەوەی دە, بیست ساڵ لەمەوبەر. ئەویش بە هۆی ئەو هەموو گۆڕانکاریە خێرا و گەورانەی کە لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا و کۆمەڵایەتیدا روودەدات .بۆیە دەبێ بە پێی ئەوە هەر چەند ساڵ جارێك بیر لەوە بکرێتەوە کە تەمەن وەرگرتن بچوك بکرێتەوە . هەر هچ نەبێ باس بکرێ و باسی ئەو ئالیەتانە بکرێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە .

8– پێش دەستپێکردنی ساڵی نوێ ئەو منداڵانەی کە لەپۆلی یەکەم سەرەتایی وەردەگیرێن پێویستە ئاشنا بکرێن و بناسرێن بەو قوتابخانەیەی کە بۆی دەچن هەروەها واتە بینایەکە پۆلەکە – مامۆستا– کان , بەرنامەی خوێندن , شوێنی وەرزش و یاریکردن و هاوڕێیانی پۆلەکەی, بە هۆی رێکخستنی ئاهەنگێکەوە بەچەند رۆژێك پێش یەکەم رۆژ ساڵ . بەو رێگەیە هەم منداڵەکە تێدەگات لەم ماوەیەی ژیاندا رووبەڕوی چی دەبێتەوە و چی لێ چاوەڕێ دەکرێ و هەم دایك و باوکان یەکتر دەناسن و ئەو دەزگایەش دەناسن کە ماوەی شەش ساڵ منداڵەکەیان هاتووچۆی دەکات . لە لایەکی ترەوە ئەمە کاری پۆزەتیڤی دەبێ لەسەر دەروونی منداڵ و لەوانەیە ئەودیاردەی گرانەی کە لەسەرەتادا هەنێ مندا هەیەتی کەم بێتەوە . ئەمە کارە بۆ منداڵانەشی کە دەچن بۆ ناوەندی و ئامادەیی و تەنانەت زانکەش پێویستە .

9– بۆ هەر قوتابخانەیەك سایتێك دانرێ . بۆ ئاماژە پێ کردنی هەموو ئەو داتا و زانیارانەی کە لەو قوتابانەیە هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی و مامۆستایان وانە و وچالاکیەکان و رۆژانی تاقیکردنەوە و رێژەی دەرچوان و کەوتووان و هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەو ساڵەدا یان ساڵی داهاتوو, روو دەدەن. لەو سایتەدا دابەزێنرێ .

**ئەمە سەبارەت بە فرۆمی دەزگاکە بەڵام سەبارەت بە ناوەڕۆکی دەزگاکە کە بەرنامەی خوێندن دەگرێتەوە لەم خاڵانەدا کۆ دەبنەوە–**

1– گرنگی دان بە ووتنەوەی زمانی کوردی بە شێوەیەکی فراوان تر بە دانانی بەرنامەیەکی تازە

تەواو جیاواز لەمەی ئێستە پشت ببەستێ بە وێنە و ناوی شتەکان و بۆچی بەکاردێن و رێك کردن و جیاکردنەوەیان لە رووی وەسیلە و ئامانج یان هۆکار و ئەنجام و یاری وەك الكلمات المتقاطعة. و دروستکردنی رستە بە یارمەتی وێنە

بۆ ئەومامۆستایانەی کە وانەی زمانی کوردی دەڵێنەوە خوێندنەوە چیرۆك بخرێتە ناو بەرنامەوە. بەڵام خوێندنەوەیەکی هونەریانە بۆ ئەوەش دەتوانرێ هەندێ خاڵ هەن رەچا بکرێن لەوا نە:

* ئەوکەسەی دەبێ خۆی پێشتر چیرۆکەکەی بەلانی کەمەوە جارێك خوێندبێتەوە تا پێویست بەوە نەکات چاوی هەر لەسەر کتێبەکە بێ. واتە وەك گێڕانەوە وابێ . بۆ ئاسانکردنی ئەمە مامۆستا دەتوانێ چەند چیرۆکێك هەڵبژێرێ لە پۆلەکەدا داینێ .

* تێکەڵ کردنی منداڵ لەگەڵ چیرۆکەکەدا بە پرسیارلێکردنی لە کاتی خوێندنەوەکە وەك بلێی :

بە بۆچوونی تۆ دوای ئەوە چی دەبێ ؟؟ یان , فلان (( کەسێتیەکی چیرۆکەکە )) بۆ وای ووت ؟؟ یان

بۆ وای کرد ؟ یان بەڕاستی بوو وای ووت ؟ یان, ئایا ئەمە کارێکی چاك بوو ؟؟ یان نە؟ یان ئایا تۆ بی لە بری ئەو چی دەکەی ؟؟ وەهەروەها....

* وێنەیەك لە ناوچیرۆکەکەدا هەڵبژێرێ کە ((لە ئاستی منداڵەکەدا بێ )) ئەو وێنەیە بکێشێتەوە

2– گرنگی دان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و گۆڕینی بەرنامە سەبارەت بەو بابەتانە و بخرێنە قۆناغەکانی سەرەتایی ئەویش چونکە منداڵ توانای وەرگرتنی زیاتر لە زمانێکی هەیە . چونکە مرۆڤ چەند لە سەرەتای تەمەنیەوە شارەزای زمانێکی تر بێ ... توانای بەکارهێنانی ئەو زمانەی زیاتردەبێت و یارمەتی دەدات لە بەهێز کردنی زمانی ((دایك)) یشدا .

بۆ ئەمەش بەرنامەیەکی تایبەتی دانرێ پشت ببەستێ بە وێنە و و فەنتازی و دووبارە کردنەوە ...

نموونەش بۆ ئەوە دەتوانین لە شوێنێکی تردا باسی بکەین.... بۆ ئەمەش دەتوانرێ سوود لە بەرنامەی وولاتە ڕۆژئاوایەکان وەرگیرێ . بەتایبەتی بۆ ئینگلیزی هیچ کاری زۆری ناوێ چونکە دەتوانرێ بەرنامەکانی قوتابخانەکانی بریتانیا هەر لەیەکی سەرەتایەوە هەر بە ڕێگەی کۆپی کردن بگوێزرێنەوە ناو بەرنامەی خوێندن لەلای خۆمان بە تایبەتی ئەوان بەرنامەی تایبەتیان هەیە بۆ منالی ئەو کەسانەی کە ئینگلیز نین ...

3- فێرکردنی زمان بە هەر چوار ڕێگەی هەستەوە ((خوێندنەوە , گوێگرتن , قسەکردن و نوسین))

4- بۆ نموونە ووتنەوەی زمانی عەرەبی لە قۆناغی سەرەتاییدا ئەویش بە هۆی بەرنامەیەکی تایبەتی کە ووشەو ڕستە بەسەر و بۆرەوە فێری منال بکات بە ڕێگەی وێنە زۆر دووبارەکردنەوە و بەکارهێنانی کورتە چیرۆك.

دەبێ لە ووتنەوەی زمانی عەرەبیدا ئەوە جیا بکرێتەوە کە ئامانجەکە چیە قسە کردنە بەو زمانە یان فێربوونی زمانەکە یە بۆ شارەزا بوون و تێگەیشتن لێی؟؟ بۆ هەریەکە بەرنامەی خۆی هەیە . بۆ یەکەمیان (ڕێزمان) زۆر پێویست نیە . بە لام بۆ دووەمیان, پێویستە.

بۆ نموونە: ئەگەر لە مانگێکدا دە ڕستەی وەك (( نام الطفل. نام الطفلان . او جاء المعلمون )) بەسەر و بۆر ەوە و بە وێنەوە بۆ مندال دووبارە بێتەوە. ئەوە ((فعل ماضي مبنى على الفتح . وفاعل مرفوع و علامة رفعه كذا وكذا )) ئەم کە پێی دەلێن ئیعراب کردن, نایەوێ زۆر بیلێیتەوە, کاتی پێ بەسەر بەری .

بۆ یەکێك بتەوێ بە خێرایی بە ڕادەیەکی مەقبو ل قسەکردن بەو زمانە فێر بێ دروستکردنی سەلیقە تێیدا (( بەتایبەتی منال )) لە ڕێگەی زۆر دووبارە کردنەوە گەلێك باشترە لەوەی فێری زانست و

نهێنیەکانی زمانە کەی بکەیت. بەلکو ئەوە وورده وورده لە قۆناغە ناوەندیەکاندا بە پێی پێویست زیاد دەکرێ و دوای ئەوە بۆ ئەو کەسانە , بەکاردێ کە دەیانەوێ لەو زمانەدا پسپۆڕی وەدەست بێنن.

5- شێوا زی – تەلقیندان – وورده وورده واز لێ بهێنرێ

بەرنامەیەکی وا دانرێ کە مندال خۆی سەر بەخۆ بتوانێت ڕا هێنان و ئەرکەکان جێ بەجێ بکات مامۆستا ڕۆلی سەرپەرشتی کاری هەبێ ئەویش بە یارمەتی وێنەی زۆرو فەنتازی و دووبارەکردنەوە .. ئەمە وادەکات مندالەکە توانای سەربەخۆیی زیاد دەکات لە ئیشکردن و مێشکی لە کاتی فێربوون بەکاردێنێ

6- دانانی کتێبی دەرەوەی بەرنامەی خوێندن لە ناو پۆلەکاندا و پابەندکردنی قوتابی بە خوێندنەوەی بەلام خوێندنەوەی شتێك کە خۆی حەزی لێ بکات .

7 – تاقی کردنەوە لە وا نەکاندا بکرێ بە بەش بەش هەر دوو هەفتە یان مانگی جارێك تاقیکردنەوە لەو بەشەی لەو هەفتەیەدا کراوە بێ ئەوەی هەموو جارێ لە سەرەتاوەهەموو ماددەکە داخل بێ بۆ تاقیکردنەوەی و لە سەری سالدا هەموو پلەکان کۆ بکرێتەوە .

8- لە پۆلی و پێنج و شەشی سەرەتاییدا میتۆدەیەکی تایبەتی دانرێ بۆ پێشکەش کردنی چەند زانستێکی مرۆیی و سروشتی جیاوا ز بە شێوەیەکی تێکهەلکێشراو ..

((Kennis in sammenhang (( لە هۆلەندیدا میتۆدەیەکی وا هەیە پێی دەووترێ

9- هەر لە کۆتایی قۆناغی سەرەتایی و سەرەتای ناوەندی, قوتابی ووریا و هۆشیار بکرێتەوە لە گرنگی زانستە مرۆییەکان و نرخیان بخرێتە ئاستی زانستەسروشتیەکان تا قوتابی نەکەوێتە ژێر کاری گەری ئەو بۆچوونە هەلەیەی لای ئێمە کە بەشی زانستی سوودی زیاترە لە بەشی وێژەیی موجازەفە بەتوانای خۆی بکات خۆی بوکوژێ لە پێناوی ئەوەی هەر ئەبێ پلەی بەرز بێنێ بۆ ئەوەی ببێتە دکتۆر یان ئەندازیار لە هەمان کاتتدا توانا و حەزی لە شتێکی تردایە بەلام لە ژێر فشاری ئەو بۆچوونە خۆی ناناسێ

بەکورتی لە پال وانەکاندا هەل بڕەخسێ بۆ ئەوەی قوتابی حەز وتوانای خۆی بدۆزێتەوە

10- چاودێری کردنی پۆلەکە لە لایەن ئەو کەسانەی کە زانسی کۆمەلایەتی و دەروونیان خوێندوە.

11- جیاکردنەوەی ئەو مندالانەی کە گرفت لە هەلس وکەوتیانداهەیە و توانای فێربوونیان نزمە بۆ ئەوەی بەتایبەتی سەرپەرشتی بکرێن .

12 – گرنگی دان بە سروشت و دارستان و ئاژەل بە وێنە کردن یان بە دانانی وێنە و تابلۆی زۆر لە پۆلدا و برد نی لە ساڵێکدا چەند جارێك منالەکان بۆ دەرەوە , نەك بۆ سەیران و نان خواردن بەلکو بە مەبەستی فێربوون و ناسینی بینینی سروشت ئەو جیهانەی کە دەوری داوون.

13 – لە رووی هەلسوکەتکردنی مامۆستا لەگەل قوتابی دەبێ شێوازی سزادان و شکاندنەوە بە تەواوی وا ز لێبهێنرێ (( با هەرچەند لەسەرەتادا هەندێ جار ئەنجامی نێگەتڤیشی هەبێ )) و شێوازیی زیاتر مرۆڤانە و و ڕا ستکردنەوە بگیرێتە بەر ... بۆ نموونە:

* هەمیشە ڕاهێنان و ئەرکی زیاتر بە ژمارەی زۆر لە پۆلدا ئامادە بێ هەر منالێك هەلەیەکی کرد دوای ئاگادارکردنەوەی , ئەو ڕاهێنانەی وەك ئەرکێکی زیادە پێبد رێ و پابەند بکرێ بە جێبەجێکردنی. ئەمە لەلایەك سزای خۆی وەرگرت بێ ئەوەی هیچ شکانەوەیەکیش تێدا بێ و لەلایەکی ترەوە شتێك زیاتر فێر دەبێ .

* یان ئەو ڕۆژە ((لە بری ئەوەی لە کاتی وانە ووتنەوەدا بکرێتە دەرەوە )) لە کاتی پشوودانداا دەبێ لە پۆلدا بمێنێتەوە نابێ یاری بکات .

* یان ئەو ڕۆژە ئەرکی مالەوەی بۆ زیاتر بکرێ لە ئەوانی تر ... ئەگەر ئەوانی تر شتێك جارێك دەبێ بنوسنەوە , ئەم لەبەر ئەو هەلەیە دەبێ دوو یان سێ جار بینوسێتەوە

* یان دەبێ بچێت بۆ کتێبخانە کتێبێك یان چیرۆکێك (( لە ئاستی خۆیدا )) وەربگرێ و بە چەند ڕۆژێك بیخوێنێتەوە ...

هەروەها دیاردەی دیاری کردنی زیرەك ترین قوتابی و تەمەل ترین قوتابی و قردێلەی سوور ڕەش بە ناوی هاندان قوتابی دەبێ بە هەموو شێوەیەك دەبێ قەدەغە بکرێ . ئەو دیاردانە وا تێدەگەم کەم بوبنەوە بەلام بنە بڕ نەکراوون . هەرچۆن بێ دەبێ بزانن بە هەردوو لایەنەکەوە دیاریکردنی زیرەك یان تەمەل بە هەر شێوەیە لە شێوەکان, کاریگەری نێگەتڤیان لەسەر کەسێتی قوتابی داناوە کە ئەمرۆ ئەوانە یان مامۆستان یان لە هەر شوێنێکدا بێ کاربەدەستن. چونکە هەروەك چۆن ئەوەی بە تەمەل دابنرێ ئەوە واتە کەسێتی شکێنرا و متمانەی بە خۆی نەما .. ئەو ئەوەشی بە زرەك دابنرێ لە خۆی بایی دەبێ .

سەرەڕای ئەوە ئەو جیاکردنەوەیە هیچ بناغە و پێوانەیەکی زانستیانەی نیە.

14– لەڕاستیدا یەکێك لە هەرە جیاوازیە گەورەکان لە نێوان قۆناغی سەرەتایی لە وولاتە پێشکەوتوەکان . لەگەل ئێمەدا ئەوەیە کە هەر بینایەك یەك وەجبە تێیدا دەخوێنێ . بۆیە منالەکان کتێب و پێویستیەکانیان نابەنەوە مالەوە و پۆلەکانیشیان بە ئارەزووی خۆیان ڕێك دەخەن . ئەمەو لە لایەکی ترەوە هەر پۆلێك بۆ هەمووو وا نەکان یەك مامۆستای تایبەتی خۆی هەیە . لەوانەیە لە ڕۆژێکدا یەك دوو سەعاتێك , مامۆستایەکی تر بۆ هەندێ وانە وەك هونەر و ئیشی دەست یان کۆمپیوتەر بچێتە ئەو پۆلەوە. یان هەندێ پۆل هەن مامۆستایەك و یاردەدەرێك.

ئەوەش بێگومان پەیوەندی هەیە بە دوو بابەتەوە:

* جۆری بەرنامەی خوێندن و وانە ووتنەوە بە گشتی

* جۆری ئەو دراسەیەی کە ئەو مامۆستایە خوێندوێتی

گرنگی ئەم شێوازە لەوەدایە:

* کە مندال دەچێتە قۆناغی خوێندنەوە, لە رووی دەروونیەوە گرنگە پەیوەندی خۆی تەنها لەگەل یەك کەس درووست بکات , تا ئەو پەیوەندیە بەهێز بێت . تەنها یەك کەس و یەك دەموچاو دەبێت ڕێ پیشاندەری. نەك هەر سەعاتی دەموچاوێك بەرەو رووی بێتەوە لە هەمووشیان شەرم بکات و بترسێ .

* بۆ مامۆستاکەش ئاسانتر دەبێ کە زیاتر لەگەل ئەو کۆمەلە مندلەدا بێ . باشتر لە کەسێتیان تێدەگات و بەو پێیە هەلس و کەوتیان لەگەل دەکات.

* بۆ دایك باوکی قوتابیش ئاسانتر و ڕوونتر دەبێ . چونکە پەیوەندی بەیەك کەسەوە ئەکات .

15- بەراستی لای ئێمە گرفتی بەرنامەی خوێندن و ئاسوارە نێگەتیڤەکانی تەنها قوتابی نەگرتۆتەوە, بەلکو مامۆستاش بە دەست ئەو حالەوە دەنالێنن لەگەل ئەوەی ئەرکێکی زۆر قورس لەسەرشانیانە و بێ ئەوەش هیچ غەمێکیان لێبوخرێ . مامۆستا لەبەر نەبوونی مەواد وەسائیلی تەواو لەبەردەستیدا, لە قوناغە سەرەتاییەکاندا بە تایبەتی کاتێکی زۆر بە خۆرایی دەدات و توشی تورە بوون و سەرلێشێوانی دەکات . مامۆستا پێویستە لە پۆلدا وەسائیلی زۆر و جۆراوجۆر لەسەر هەر ماددەیەك لە بەردەستیدا بێ تا سرووشی بداتێ و یارمەتی بدات بۆ هاتنەوە بیری ئەوەی کە خۆی فێری بوە . مامۆستا مرۆڤە ناتوانێ هەموو شتێك لە مێشکیدا بمێنێتەوە و حازر بێ . سەرەڕای گۆڕانکاریە گەورەکان کە لە زانستەکاندا ڕوو دەدات .

بۆ نموونە ووتنەوەی زمانی کوردی با لە وقۆناغەشدایە بێ پێویستە بە چەندەها شێوە بەرنامەی بۆ دارێژرێ نەك لەسەری سالەوە تا کۆتایی تەنها یەك کتێب لە بەردەستیدا بێ .
پێویستەهەموو وانەکانی زانیاری جغرافیا و مێژوو پێشتر لە لایەن سەر پەرشتی کارانەوە وورد بکرێنەوە و بکرێنە پرسیار و وەلامیش بدرێنەوە و بخرێنە بەردەم مامۆستا تا ئیشەکەی ئاسان ببێ .
بۆ ئامادەکردنی ئەرکەکانی قوتابی لە پۆلدا یان لە مالەوە و هەروەها پرسیار دانانی تاقی کردنەوەکانیش پێویست نیە مامۆستا زۆر خۆی خەرك بکات. ئەوە دەبێ ئەو کارانە هەمووی هەر سالێك چەند مامۆستایەك پێش سالی خوێندن, ئەجامی بدەن. بە مانایەکی تر ئەوانە دەبێ لە گەل بەرنامەی خوێندندا ئامادە بکرێن. وەك ئەوەی لەکاتی بەرنامە داناندا هەموو مادەکان بکرێنە پرسیار و وەلام و لەگەلیدا ئامادە بکرێ . بۆ ئەمە دەتوانین سوود لە نموونەی وولاتە پێش کەوتوەکان وەرگرین و لە ڕێگەی کۆپی کردنەوەی کارەکان, کارەکان بە ئاسانی ئەنجام دەدرێن.

16 – وانەی پەروەردەی ئیسلامی پێویست بە گۆڕانێکی بنەرەتی لە چەند ڕوویەکەوە :

* لابردنی هەموو ئەو تێکستانەی کە باسی کوشتار و جەنگ و شەهید بوون دەکەن بە بەلگەی ئەوەی ئەوانە هەل ومەرجی کات و شوێنی تابەتی خۆیان هەبووە. هەروەها شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێ مندال فێر بێت ئەویش جیاکردنەوەی وەسیلە و هەدەفە ئەوانە باسمان کردن هەموویان وەسیلەن بوون بۆ هەدەفێك مەرج نیە لە هەموو کاتێکدا بۆ ئەو هەدەفە هەمان وەسیلە بەکار بهێنرێ. لە بری ئەوانە تەرکز بخرێتە سەر ئەو تێکستانەی گرنگی دەدەن بە زانست و ڕەوشت بەرزی و باسی ڕێزی مرۆڤ و خۆشەویستی و پێکەوە ژیان دەکەن و دیالۆگ کردن.
* ڕیگە بدرێ بە باسکردنێکی زانستیانەی مەزهەبە جیاوازەکان و خستنە رووی خالی هاوبەش و خالی جیاوازی و هۆکارەکانی .
* ڕیگە بدرێ بە باسکردنێکی زانستیانەی دینە جیاوازەکان و خستنە رووی خالی هاوبەش و خالی جیاوازی و هۆکارەکانی.

کە دەلێین زانستیانە ئەمە ووشەیەکی زۆر گەورەیە پێویست بە ڕوونکردنەوە دەکات بەلام لێرەدا نەتوانم هەر ئەوەندەبلێم کە زانستیانە ئەوەیە کە مرۆڤ لە کاتی لێکۆلینەوەدا دەبێ هەست و فێر بوون و راهاتن و حەز و زەوقی خۆی جیا کاتەوە لە واقع و پراکتایك. واتە بە مەبەستێکی مەعریفیانە نەك ئایدۆلۆژیانە. بۆ نموونە لە هۆلەندا لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی بەرنامە هەیە بۆ باسکردن و ووتنەوەی هەموو دینەکان , لە ژێر ناوی وانەی (( ڕێگەی ژیان )). لەو وانەیەدا مامۆستاکە لە کاتی باسی کێشەی ئافرەتدا دەلێ بە رای من ئەو ڕێز و مافانەی قورئان دەیدات بە ئافرەت زۆر زیاترە لەوەی ئینجل و تەورات دەیدەن , بەلام هێشتا ئەویش واتە ئەوەی قورئان دەیدات بۆ ئەم زەمان و هەل ومەرجانەی ئەمرۆ کەمە. بە بۆچوونی من ئەو حوکمە حوکمێکی زانستی و بابەتیانەیە .

بێ گومان زۆری گرفتەکان و زۆری ڕێژەی لەدایك بوون و ئەو جیاوازیە گەورانەی نێوان خوێندن لە وولاتانی جیهانی سێهەم و جیهانی پێشکەوتووەکاندا وا لە مرۆڤ دەکات بێ ئومێد بێ لەو گۆڕانکاریانەی کە پێویستە بکرێ.
بەلام خۆ ئەو وولاتە پێشکەوتوانەش هەر وا ئەمەیان لە ئەزەلەوە نە هێناوە و لەئاسمانیشەوە بۆیان دا نەبەزیوە . ئێمەش خۆ ئەگەر لە مەدا یەکی کورتتدا هەموو ئەو گۆڕانکاریانەمان پێنەکرێ خۆ هەندێکیمان دەبێ پێبکرێ . و هەندێکی تریشی بۆ مەدا یەکی دوور تر با بخرێتە ژێر باس و لێکۆلینەوە.

17- بۆ هەر قوتابخانەیەك سایتێك دانرێ . بۆ ئاماژە پێ کردنی هەموو ئەو داتا و زانیارانەی کە لەو قوتابانەیە هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی و مامۆستایان وانە و وچالاکیەکان و ڕۆژانی تاقیکردنەوە و ڕێژەی دەرچوان و کەوتووان و هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەو سالەدا یان سالی داهاتوو, ڕوو دەدەن. لەو سایتەدا دابەزێنرێ .

بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەم ئامانجانە مەرجێکی گرنگ هەیە ئەویش زۆر بەڕاشکاوانە دەبێ بیلێم
هەولدانە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی لەدایك بوون. زۆر بەداخەوە وا دەلێم بەلام ئەوە ڕاستیەکە دەبێ بیزانین .
بۆ ئەم کارە پێویستە حکومەت بە ناچاری دەلێم دەست بۆ چەند سالێکی دیاری کراو یاسایەك دانێ بۆ دیاریکردنی سنووری لەدایك بوون.
دیارە ئەمە دەست تێوەردانە لە کاروباری تایبەتی خەلکیدا بەلام هەندێ جار دەست تێوەردانە لە پێناوی هێنانەدی گۆڕا نی بنەڕەتی و گەورە و بەرژەوەندی گشتیدا پێویستە.
لەهەمان کاتدا ئەم یاسایە پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان هەیە. ئەویش بە ئامادەکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و دەرکردنی چەند نامیلکە و گرتنی کۆڕ و سیمینار تایبەت بەم کارە بۆ خستنە ڕووی زۆری پێویستەکانی مندال و کورتی تواناکانی کۆمەلگە و دەولەت . و بەراوورد کردن لە نێوان ژمارەی لە دایك بوون و توانای دابین کردنی پێویستیەکانی مندال و خستنە ڕووی کێشە کۆمەلایەتی ئابووریەکان .

چونکە خەلکی ئاسایی ئاگای لە هەموو شتێك نیە لە کۆمەلگەدا کە ڕوو دەدات بۆیە هەر حساب بۆ خۆی دەکات و ئاگای لەوە نیە لە خولەکێکدا چەند مندال لەدایك ئەبێ بێ ئەوەی هیچ شتێکیان بۆ دابین کرابێ لەم پێویستیانە وەك قوتابخانە و سەرپەرشتی تەندروستی و هۆکانی گەشەکردنی عەقلی ( کەدایك وباوك خۆیان ناتوانن بۆی دابین بکەن )